ئیسرائیل هاوکاری مرۆیی بۆ غەززە هادەگرێت، دوای ئەوەی حەماسی بە پێشێلکردنی ئاگربەست تۆمەتبار کرد



بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆكی وەزیرانی ئیسرائیل، هاتنە ناوەوەی هاوکارییەکان بۆ کەرتی غەززە تا ئاگادارکردنەوەی زیاتر هادەگرێت، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی حەماسی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست تۆمەتبارکرد

باراك هەڤید پەیامنێری ئەکسیس لە زاری بەرپرسێکی باڵای ئیسرائیلەوە باڵاویکردەوە، "نەتەنیاهۆ بڕیاریدا سەرجەم دەروازەکانی کەرتی غەززە دابخات و هاتنە ناوەوەی یارمەتییە مرۆییەکان ڕابگرێت، ئەمەش وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر پێشێلکردنی ئاگربەست لەلایەن حەماسەوە".

لەلایەکی دیکەوە کەناڵی 12 ئاشکرایکردوە، "دوای پێشێلکارییەکانی بزوتنەوەی حەماس، بەرپرسە سیاسییەکان ڕاسپاردەی سوپای ئیسرائیلیان پەسەندکرد بۆ ڕاگرتنی هاتنە ناوەوەی هاوکارییە مرۆییەکان تاوەکو ئاگادارکردنەوەی زیاتر".

هاوکات، ئیتامار بن گڤیر وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل لەبارەی بڕیارەکەی نەتەنیاهۆ ڕایگەیاند، "دەستخۆشی لە بڕیارەکەی سەرۆك وەزیران دەکەم بۆ ڕاگرتنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ کەرتی غەززە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، " نابێت ئەم هاوکارییە دەستپێبکاتەوە، بەڵکو بە شەڕ و بە زوترینکات".

ئەم بڕیارە هاوکات بوو لەگەڵ هاگەیاندنی ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممەی سوپای ئیسرائیل کە زنجیرەیەک هەڕەمەتی نوێی بۆ سەر باشوری کەرتی غەززە دەستپێکردوە.

ئیسرائیل و حەماس جارێ یەکشەممە بەهەی پێشێلکردنی ئاگربەستەوە تەمەتەکانیان ئاڕاستەی یەکتر کرد، ئەمەش دوای ئەوەی تووندوتیژییەکان لە باشوری کەرتی غەززە دوای نزیکەی ئارامیی چوارەیی دوبارە بونەوە.